جیهان بوو به دێیەک

Global Village

ئەنوەر فەتاح

قەشە ولڤسان لە ساڵی ١٠١٤ی ز دا وتی: "ئەم جیهانە زۆر پەلە دەڕوات و لە کۆتاییدا زۆر لێک نزیک دەبێتەوە."

چەند سەرنجێک لە جیهانگیری

ئەم دێ جیهانییە کە ئێمە خۆمانی تێدا دەبینینەوە لەوە نەچوو کە هەستمان پێ دەکرد، یان چاوەڕێی بووین. کۆنترۆڵبوونی ئەم دێیە بە هۆی گەشەسەندنی زانست و تەکنۆلۆجیاوە بووەتە کارێکی لەڕادەبەدەر ئاڵۆز، تەکنۆلۆجیا لەجیاتی ببێتە هۆی چارەسەری گیروگرفتی جۆراوجۆری ئەم جیهانە، ئێستا خۆی خولقێنەری هەڕەشە و ترسێکە کە لە هەموو مێژووی بەشەریەتدا نەبووە، ئەمە بە ڕادەیەک کاری کردۆتە سەر ژیانی هەموو کۆمەڵ.

لە G7دا تەنیا باس، بازرگانی و سیاسەتی نێودەوڵەتان نییە بەو شێوەی لەوەوپێش باسیان لێ دەکرا. لەم جیهانەدا دەوڵەت و نەتەوە بوون بە خەرافات. هەر سەرکردە و سیاسەتمەدارێک چەند گەورە و قەبە بێت، هیچ نین جگە لە ئەڵقەلەگوێیەکی تەواوکەری ئەم دێ جیهانییە نەبێت. ئەم دێ جیهانییە پارەی کرد بە ژمارەی ئەلکترۆنی و پەلەی بە بەکارهێنانیشی کرد بە خێرایی پەنجەدانێک بە ماوسی کۆمپیوتەردا، ئێستا دەوڵەتی نەتەوەیی وەک بازارێک حسابی بۆ دەکرێت، پاشبەندی سیاسەتی دامەزراوە ماڵییەکانی ئەم دێیەیە لەوانە IMF, WTO و...تاد، هەروەک چۆن ئورلیش بیگ کە پڕۆفیسۆرێکی ئەڵمانییە لە زانکۆی مۆنیک دەڵێت: "گلۆبەڵ مانای تێکوپێکدانی دەوڵەت و کۆمەڵگای نیشتیمانییە." لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە سنوور و ئاڵای دەوڵەتان لە بەردەم ئەم سیستەمەدا بوو بە دیکۆر و هیچ بوونێکی فعلی نەماوە و حکوومەتان کارەکانیان یەکجار سنووردارە، وەک هێزی داپڵۆسێنەر، پارێزگاری ئاسایش، تاکسسەندن و پارێزگاریی ئیلتیزاماتی ئەو پەیمانانە بێت کە داویە بە IMF و WTO و...تاد، ئەمە لە لایەک، تازەترین نموونەشمان بۆ ئەو وتانەی سەرەوە کە لە Financial Times لە ڕۆژی ١٥ مارتی ٢٠٠١ کە چەند ئامارێکی بڵاو کردەوە و لێرەدا ئاماژەی پێدەکەم: وەزیری دارایی تورکیا دەڵێت: "IMF دەتوانێت قەرزێکی زیاتر بدات بە بە تورکیا ١١,٤ بلیۆن دۆلار جگە لە ٧ بلیۆن دۆلاری پێشووتر کە نەدراوەتەوە." و تورکیا لە زمانی وەزیری دارایی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەوە دەڵێت: "بۆ ئەوەی تورکیا لەم قەیرانە دارایییە ڕزگاری ببێت و ئیلتیزاماتی IMF جێبەجێ بکات، دەبێت تورکیا هەوڵی خێراکردنی Privatsation ی هێڵی هەوایی تورکیا، کارگەی کحول و جگەرە و شەکر بدات، بەشی دەوڵەتی تەلیکۆم Turk-Telcom بفرۆشێتەوە بە ئەهلی، جگە لەوەش دەوڵەت نابێت دەست بخاتە کاروباری بانکەکانەوە، ئەو بانکانەی کە سەر بە دەوڵەتن (زرات، هەڵک، ئیملاک) دەبێت لەسەر قازانجی بازاڕ بجووڵێنەوە و چالاکییان لە دەستێوەردان و کۆنترۆڵی بازاڕ کەم بکرێتەوە، هەربۆیەش دەوڵەت هەستا بە لێکدانی Join کردنی بانکی (ئیملاک و زەرات) بۆ یەک بانک، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی سیاسەتی IMF ئەو حکوومەتە نەتەوەییە دەبێت دەست لە مەسرەفی خزمەتگوزارییەکان بگێڕێتەوە و سەنترالڵ بانک دەبێت سەربەخۆ بێت. ئا بەو جۆرە ئابووریی تورکیا بەڵانس پێ دەکەنەوە، دوامەرجی IMF ئەوەیە کە دەبێت تورکیا ١٥٪ نرخی دراوەکەی دابەزێنێت، خۆ ئەمە هەر حاڵی تورکیا نییە، بەڵکوو ڕووسیاش حاڵی لە تورکیا باشتر نییە چونکە IMF هەموو جیهان بە یەک چاو سەیر دەکات و هەموو ئەم دێیە بە یەک بازاڕی یەکگرتوو دەزانێت و هەروەها نیوەی زیاتری خەڵکی ئەم دێیە لە ژیانێکی کولەمەرگی و بێدەرەتانی و ستریسا دەژێن و داهاتی ساڵانەی خەڵکی هەژار ٢,٣٪ لە ساڵی ١٩٨٩ەوە دابەزیوە بۆ ١,٤٪ لە ساڵی ١٩٩٨. بەم جۆرە ژیان پڕ بووە لە مەترسیی جۆراوجۆر، هەروەها لە خواروو ئاسیادا داهاتی ڕۆژانەی ٢٨٠ ملیۆن کەس لە ساڵی ١٩٩٨دا لە یەک دۆلار کەمتر بووە. ئەو وڵاتانەی کە قەرزاری (IMF و WTO)ن ٦٢٠ ملیۆن بێکاریان تێدایە و ڕۆژێ ٤٠ هەزار منداڵ دەمرێن کە تەمەنیان لە ٥ ساڵ کەمترە. خستنەگەڕی ڕۆژانەی پارە (Invest) ساڵ لە دوای ساڵ لە گەشەدایە، لە ساڵی ١٩٨٠ تەنیا ٨٠ بلیۆن دۆلار بووە ئەمڕۆ ١٥٠٠ بلیۆن دۆلار لە ڕۆژێکدا لە بازاڕی موزارەبەدا کە ئەمە پەیوەندی تەنیا بە خستنەگەڕی پارەوەیە بۆ پارە نەک بەرهەم.

سیاسەتی قەرزارکردنی دەوڵەتەکان ئوسلوبێکی تەواو سەرشۆڕکردن و زیاتر هەژارکردن و دابەزینی کرێی کارە، لە سەروو هەموشیانەوە نائاساییکردنی بارودۆخی سیاسیی ناوخۆیی بە نانەوەی جەنگی ناوخۆ بە مەبەستی چەکفرۆشتن، مسۆگەری بازاڕی بێ مەرج بۆ بەرهەمەکانیان و دەستکەوتنی بەرهەمی نەوت و کانەکان بەبێ نرخ، و دانانی حکوومەتی دیکتاتوری عەسکەری و میلیشیات بۆ ڕاوانانی خەڵکی و داواکردنی پەنابەری، کارکردن بە نرخی هەرزان لە وڵاتە پەنادەرەکاندا. نموونەی ئەو باسەی سەرەوەشمان ئەوەیە ئێستا هەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٣٠ ملیۆن پەناهندەی ئەمریکای لاتین هەن و زیاتر لە ٤ ملیۆن خەڵکی تورکیا هەر بە تەنیا لە ئەڵمانیادا پەناهیندەن، هەر بە هۆی شەڕی ناوخۆوە، و ئەم دواییەی عیراقیش نموونەیەکی زیندووی ئەو حاڵەتەن. سەرمایەداری بووەتە یەک سیستەمی جیهانی لەم دێیەدا و نیشتیمان و نەتەوەی نییە، هەموو جیهازی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی کرێکار بهێڵێتەوە لە نیشتیمانپەروەریدا و لە پارێزەریی سنوور و ئاڵادا.

کریستیان ئەید، لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت: «HIPC واتە وڵاتانی هەرە هەژار و قەرزار* ساڵی ٢١,٩ بلیۆن دۆلار تەنیا سوود دەدەن بەو قەرزانەی کە لە سەریانە کە ڕۆژانە دەکاتە ٦٠ ملیۆن دۆلار و بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ئەو قەرزانە ناتوانرێت بدرێنەوە و کوفی عەنان لە هەمان شوێندا دەڵێت: "ئەو دەوڵەتانە دەبێت ٤٠٪ داهاتی ساڵانەیان بدەنەوەوە بە خاوەنقەرزەکان، کە سەرجەمی ئەو قەرزانە دەکاتە ٣٥٠ بلیۆن دۆلار.

G7 (بریتانیا، کەندا، فرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، یابان، ئەمریکا) لە کۆبوونەوەیەکیاندا لە یابان بۆ کەمکردنەوەی قەرز لەسەر HIPC بە مقداری ١٠٠ بلیۆن دۆلار کە تێکڕای ئەو قەرزانە لەلای ئەو (٤١) وڵاتەی کە شمولی ئەو لابردنی قەرز دەکەن کە دەکاتە ٢١٢ بلیۆن دۆلارە، بەڵام تا ئێستا بڕیاریان لەسەر ١٢ بلیۆن دۆلار دراوە. بەڵام تا ٢٠٠١/٣/٣١ یەک دۆلاریان کەم نەکردوەتەوە. جیفری کاتز لێپرسراوی بەشی دارایی W.B لە ٢٠٠٠/١٢/٢٨دا وتی: "ئێمە قەرز لەسەر ئەو وڵاتانە سووک دەکەین، بە مەرجێک ئەوان بتوانن لە ماوەی سێ ساڵدا هەڵسوکەوتی خۆیان چاک بکەن، ئەوسا ئێمە دەتوانین هەوڵێکیان بۆ بدەین." لە کۆبوونەوەیەکی G7 لە ٢٠٠٠/٧/٣١ لە یابان بەسترا لەژێر پاسەوانی ٢٢ هەزار پۆلیسدا و ٧ مودەمیرە بۆ پارێزگاری لە سەرۆکەکانی G7 بۆ کەمکردنەوەی قەرز، لاری ئیلویت لە ٢٠٠٠/٩/٢٧دا وتی: "ئایا پرۆتێست توانای ئەوەی هەیە تەنیا یەک کۆبوونەوەی ئەمانە دوا بخات، یان ڕابگرێت؟" هەروەها دەڵێت: "هەروەک چۆن مارکس پێش یەک سەدە وتوویەتی ئەوە پێویستی بە کاری ڕاستەوخۆیە، کە ئەویش شۆڕشە، من پشتگیری ئەو بەرەنگابوونەوەیانەش دەگرم چونکە خاڵی وەرچەرخاندنی بە دوادا دێت بەرەو بزووتنەوەیەکی سەرکەتووی سەرانسەری، هەرچەندە تا ئێستا دەستکەوتی ڕاستەوخۆی وە دەست نەهێناوە."

لێرەدا دەمەوێت نموونەیەکی تری قەرزاری ئەم وڵاتانە باس بکەم ئەویش (تانزانیا)یە کە ٣,٦ بلیۆن دۆلار قەرزارە و لە ٢٠٠٠دەوە تا ٢٠٠١ تەنیا ١٤٦ ملیۆن دۆلار قازانجی قەرز بداتەوە، بە مەرجێک بودجەی ساڵانەی حکوومەتەکە بۆ فێربوون ساڵی ٨٥ ملیۆن دۆلارە، بودجەی ٢,٢ ملیون پیشەسازی بۆ هەرکەسێک لەو وڵاتەدا تەنیا یەک دۆلارە، هەربۆیەش زۆر ئاساییە کە ٢,٢ ملیۆن منداڵ لەو وڵاتەدا هەر ناچنە مەکتەب. وە نەبێت خاوەنقەرزەکان هەر قازانج وەربگرن، بەڵکوو وڵاتەکەش نوقمی بێکاری و نەخۆشی و شەڕی ناوخۆ دەکەن لەو ڕیگایەشەوە بە ئاسانی نرخ بۆ سەرچاوە ئابووریەکان دادەنێت، هەربۆیەش (BP) لە هەر سانیەیەکدا ٥٠٠ دۆلار قازانج دەکات کە ساڵی نزیکەی ١١ بلیۆن دۆلارە و داهاتی هەشت کۆمپانیای ئەم دێیە هێندەی داهاتی ٥٠ دەوڵەتە و تەنیا (٦) کۆمپانیای کشتوکاڵ دەستی گرتووە بەسەر ٧٠٪ بازرگانی دانەوێڵەدا، ئەمەش بەرنامەی پێشکەوتنی کشتوکاڵی لە سەرانسەری دنیادا دەڕوخێنێت و کوردستانیش نموونەیەکی زیندووی ئەم باسەیە.

لێرەدا باسێکی تر هەیە کە بەرەنگاری ژیانی ئەهلی ئەم دێیە بۆتەوە ئەویش نەخۆشیی Aids و HIVن کە ئەمانە دوو نەخۆشیی کوشندەن چەند وڵاتێکی ئەم دنیایەی گرتۆتەوە لەوانە باشووری ئەفریقا و بەرازیل و ئوسترالیا و...تاد بە ڕێژەی جیاواز. ڕۆژنامەی گاردیان ٢٠٠٠/٢/١٠دا دەڵێت: "تێکڕا تەمەن لە ساڵی ٢٠١٠دا لە ئەفریقای باشوور دەبێت بە (٢٠) ساڵ لەبەر بڵاویی نەخۆشیی Aids و HIV و نەخۆشیی تری وەک سیل و سکچوون و مەلاریا، ئەم نەخۆشییانە وایانکردووە کە ساڵی ٢,٥ ملیۆن کەس بکوژێت و ئەمەش دەبێتە هۆی بێ دایک یان باوک یان هەردوو باوک و دایک کردنی ١٢ ملیۆن منداڵ، ئێستا لەو وڵاتەدا ٥,٥ ملیۆن پیاو و ژن هەڵگری ئەو نەخۆشییەن، لە ساڵی ١٩٩٠دا تەنیا ١٪ بوو کەچی ئێستا ١٠٪ ئەم نەخۆشییە لە دایکەوە دەچێت بۆ کۆرپە. تێکڕا ژمارەی ئەو کەسانە لەم دێیەدا هەڵگری ئەم نەخۆشیی (HIV)ەن، ٣٦ ملیۆن کەسن و ٢٥ ملیۆن تەنیا لە ئەفریقای باشوور. کە باس هاتە سەر نەخۆشی دیکە مەرگەساتێکی تری ئەم سیستەمەیە بەسەر بەشەریەتەوە، با بزانین کارگەی دەرمانفرۆشەکان چۆن هەوڵی چارەسەری ئەم دەردە کوشندەیە دەدەن.

لێرەدا نموونەیەکی دەرمانخانەیەک باس دەکەم، شەش کۆمپانیای دەرمانفرۆشی ئەم دێیە ساڵی ٩٦,٢ بلیۆن دۆلار دەرمان دەفرۆشن و قازانجی ساڵانەیان ٢٣,٧٥ بلیۆن دۆلارە، کۆمپانیای دەرمانسازی GSK) Glaxo Smith Klin) کە سەرمایەکەی ١٠٧,٣ بلیۆن دۆلارە و ١٠٠,٠٠٠ کرێکاری ڕاگرتووە لە ١٠٨ کارگەدا کاریان پێ دەکات و ئەو کارگانەش بەسەر ٤١ دەوڵەتدا دابەش بوون ئەم کۆمپانیایە یەک دەنک حەبی Aids دەفرۆشێت بە ٣,١٢ پاوەند، هەمان دەرمانی کە کۆپی دەکرێت لە وڵاتانی وەک بەرازیل و هندستان دەفرۆشرێت بە ١٧ پێنس، و داهاتی ساڵانەی خێزانێکی ئەم دێیە هێندەی ٣٥٠٠ دۆلارە بە تێکڕای و عیلاج بە نرخی دەرمانی GSK بۆ کەسێک لە ساڵێکدا ١٥ هەزار دۆلارە، GSK ٧,٦ بلیۆن دۆلار قازانج دەکات لە ساڵێکدا، بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی ١٩٩٩دا ١,١٨٣,٠٠٠ پاوەند بووە و قازانجی سەهمەکانی ٢,٤٣٤,٠٠٠ دۆلار بووە. دامەزراوەی پیشەسازیی دەرمان (PMA) بە هاوکاریی (TRIPS) ڕێیان داوە بە دادگا و نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار سەرف کراوە بۆ مەبەستی سزادانی باشووری ئەفریقا بە هۆی کڕینی دەرمانی کۆپیکراو، کە ئەو (GSK)ی خۆی بە خاوەنی مارکەکەی دەزانێت و ئەمریکا گەمارۆی دەرمانی خستۆتە سەر (٢٠) دەوڵەتی تر چونکە بە هەمان شێوە دەرمان دەکڕن بێ ئەوەی ئەو بڕیارە بە (TWO)دا ڕۆشتبێت و تا ٢٠٠١/٣/٥ دادگا نەگەشتە هیچ بڕیارێک لە بەرژەوەندیی کۆمپانیای دەرمان، و بەڕێوەبەری GSK وتی: "ئێمە دەرمان دەفرۆشین و هەژاریی خەڵک حەل ناکەین."

کە ئەمە حاڵی دەرمانفرۆشەکان بێت بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژێر چەقۆی مەرگدان، زیاتر لە ٣٠ ملیۆن کەس، جا ئای بۆ ئەو کۆمپانیانەی چەک دەفرۆشن و بازرگانییەکەیان ڕاستەوخۆ بەسراوەتەوە بە بازرگانیی خۆینی خەڵکییەوە. باشترین نموونەش بریتانیا لە دوای کارەساتی ژهرەبارانکردنی هەڵەبجە ٣٤٠ ملیۆن پاوەندی بە قەرز دا بە ڕژێمی سەددام حوسەین بۆ کڕینی چەک و بریتانیا خۆی ١٣ بلیۆن دۆلاری بۆ کڕینی دوو هەڵگری تەیارە بۆ پاراستن و گەشەکردنی بەرژەوەندییەکانی لەم دێیەدا پاش جەنگی سارد خەرج کرد.

جا سیستەمێک لەسەر ئیستغلال و جەنگ و تیرۆر هەڵچنرابێت چۆن واز لە شەڕنانەوە دەهێنێت و برسیەتی و نەخۆشی قەڵاچۆ دەکات، کە ئەمە حاڵەتەکە بێت چۆن ماف و یەکسانی بۆ خەڵک مسۆگەر دەکات، لەسەر داوای ئاشتییانەی گرووپی سیاسیی حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان و چارتاییە مەزهەبییەکان، بۆ نموونە ڕێککەراوی عەفوی دەوڵی ١٩٩٩/١/١١ دەڵێت: "سەد هەزار منداڵ چەکدارن و بەشێکیان تەمەنیان لە ١٠ ساڵ کەمترە لە پێناوی ژیانیاندا." هەروەها سومیل بڵکس، ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکای لاتینییە دەڵێت: "لە وڵاتی پیرۆ منداڵ بێ جیاوازی دەفرۆشێت بۆ ئیشکردنیان لەلایەن ئەو کۆمپانیانەوە کە بۆ ئاڵتوون دەگەڕێن، ڕۆژی ١٨ سەعات کاریان پێدەکەن، و لە ماوەی ئەو کارکردنەیاندا، تا ئەژنۆیان لە ئاودایە." و ئەم کڕین و فرۆشتنی بەشەرە ئێستا لە ڕووسیا و ئەفریقای باشووری ئاسیادا لە بڕەودایە بە مەبەستی بازرگانیکردن بە سێکسیانەوە، هەروەکوو ئینگلیز ناوی ئەم دێیەیان ناوە (Global Pilige)ە نەک (Global Village) واتە دێی ڕاووڕووت نەک دێیی جیهانی.



تێبینی:

IFM: Internation- (صندوق النقد الدولی)
al Moneitary Fund
HIPC =(ئەو وڵاتانەی تا بینەقایان قەرز و هەژاریە) Heavly Indebt & Poor Countries
W.B= World Bank
BP: British Petrolum
WTO: World Trade Organasation
TRIPS= Trade Related Aspect Right: ئەم دەسگایە دیفاع لە مارکەی تجاری دەرمان دەکات.

پاوەنێک= ١٠٠ پێنس.